نێچیرڤان بارزانی فەرمانی دامەزراندنی سێ دادوەر بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان واژۆ دەکات

لەو لێدوانەکدا بۆ ماڵپەڕی سەرکایەتیی هەرێمی کوردستان، دڵشاد شەهاب وتەبێژی سەرکایەتیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: پاڵپشت بە بڕگەی شازدەهەم لە مادەی دەیەمی یاسای سەرکایەتیی هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ژمارە یەکی ساڵی 2005ی هەموارکراو، ئەمڕۆ سێشەممە 2023/11/14 نێچیرڤان بارزانی، سەرکی هەرێمی کوردستان، فەرمانی هەرێمی بۆ دامەزراندنی سێ دادوەر بۆ دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان واژۆ کردووە کە بریتین لە هەر یەک لە:

ـ دادوەر جاسم جەزا جافر، سەرکی دادگای تەهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی.
ـ دادوەر جاسم محەمەد مستەفا، جێگری سەرکی دادگای تەهەڵچوونەوەی ناوچەی دهۆك.
ـ دادوەر تاهر عەلی حەسەن، دادوەری دادگای تەهەڵچوونەوەی سلێمانی.

وتەبێژی سەرکایەتیی هەرێمی کوردستان هەروەها گوتی: سەرۆك نێچیرڤان بارزانی لە چوارچێوەی بایەخدان بە دامەزراوەی دادوەریدا و بۆ پێکردنەوەی پێداویستییەکانی دەسەڵاتی دادوەری، لەبەر ڕۆشنایی داواکاریی ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، دامەزراندنی

دادوەرانی واژە کردووەو و لەماوەی فەرمانی هەرێمییان دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوەو و دوای سوێندخواردن ئیتر وەک ئەندامی دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان دەستبەکار دەبن.